# بڕی ٢٠ ملیار دینار بۆ وەرزش تـ

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو هیچ پرۆژەیەکی وەرزشی گەورە لە شارەکانی کوردستان نەکراوە کە شایەنی باسکردن بێت، ئەمساڵیش بە هەوڵی ئەندام پەرلەمانتارانی کوردستان لە لیژنەی وەرزشی توانیان بڕی ٢٠ ملیار دینار بۆچەندین پرۆژەی وەرزشی تەرخان بکەن. لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی، بەم پرۆژانەش وەرزشی کوردستان بووژانەوەیەکی باش بەخۆیانەوە دەبینێت. لەم بارەشەوە شێردل تەحسین ئەندامی پەرلەمانی



کوردستان لە لیژنەی وەرزشی بە فایلی وەرزشی گوڵانی ڕاگەیاند و وتی «ئەو ٢٠ملیارە کە ئێمە لە لیژنەی وەرزش و لاوان لەپەرلەمانی کوردستان توانیمان تەرخانی بکەین بۆ پرۆژە وەرزشییەکانی هەرێمی کوردستان داوی چەندین کۆبوونەوەی خۆمان، پشتگیریمان کرد لە هەندێك ڕاسپاردەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کە ئەوان پێشنیاریان کردبوو، پاش ئەوەش من و دکتۆر سائیر بیرمان کردەوە کە ئەو پارەو پرۆژانەی ئێستا بۆ وەرزش تەرخان کراوە لە تموعی وەرزشوانان نییە، دەبێت هەندێك پرۆژەی وەرزشی تریش بکەین، پارساڵ



# یانەی برایەتی ڕاهێنەرێکی تازەی دەستنیشان کرد

دوای ئەوەی یانەی وەرزشی برایەتی لە وەرزی ئەمساڵی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان نەیتوانی ئاستێکی شایستە پێشکەش بکات. لە یەك وەرزدا سێ ڕاهێنەری گۆڕی و یانەکەش نەگەیشتە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، بۆئەم مەبەستە دەستەی کارگێڕی یانەکە بۆباشتر بوونی ئاستی یانەکەی و گەڕانەوەی یانەی برایەتی بۆڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، گرێبەستێکی لەگەڵ یاریزانی دێرینی شاری هەولێر عەونی سەید ئەحمەد مۆر کرد بۆئەوەی یانەکە لەم دۆخەی ئێستای ڕزگاری بکات، لەم بارەشەوە فاروق خدر ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی بە فایلی وەرزشی گوڵانی ڕاگەیاند و وتی «ئێمە بە مەبەستی باشتر بوونی ئاستی یانەکەمان پێوەندیمان بە عەونی سەید ئەحمەدی یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر کردووە بۆئەوەی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەکە لە ئەستۆ بگرێت، وتیشی گشت کارەکانمان لەگەڵی بە کۆتایی هێناوە، لە چەند ڕۆژی داهاتوو بەفەرمی مەشقی یانەکە وەردەگرێت، بەڵام هیچ بۆندێکی ناوبراوی ڕانەگەیاند، وتیشی ئێمە زیاتر لە ١٠ یاریزانمان لە ریزی یانەکەمان دوورخستۆتەوە و بۆندمان لەگەڵ زیاتر لە هەشت یاریزانی تازە مۆرکردووە بۆئەوەی ئەنجامەکان شایستە بێت.

## زۆرک سەعید

لە هۆڵی گازینۆی لەیالی هەولێر لقی یەکێتی بلیاردی هەولێر هەڵسا بە ئەنجامدانی خولێکی بلیارد بۆیاریزانە دێرینەکانی شاری هەولێر کە ١٨ یاریزانی دێرین بەشداریان کردووە لە دوای ململانێیەکی بەهێز یاریزانەکانیش بە ئاستێکی زۆر بەرز دەرکەوتن، لە بارەی ئەنجامدانی ئەو پاڵەوانێتیەش (جەوهەر پیرە) سکرتێری لقی هەولێری یەکێتی بلیاردی هەولێر بەفایلی وەرزشی گوڵانی ڕاگەیاندو وتی «مەبەستمان لە کردنەوەی ئەو پاڵەوانێتیە ئەوە بوو بۆئەوەی یاریزانە دێرینەکان بە یەکتری ئاشنا بکەین، زۆر دەمێکە لێك دوورن ئێمەش مەبەستمان ئەوە بوو لێکیان نزیك بکەینەوە، وتیشی پاڵەوانێتیەکە ئاستێکی بەرزی هەبوو، یاری کۆتایش لە نێوان هەردوو یاریزان (زۆرك سەعید و بەهزاد ئیسماعیل)بەڕێوەچوو کە ماوەی یەك کاتژمێر و نیوی خایاند، یاریزان زۆرك

## خولێکی

لە شاری هەولێر لە هۆڵی داخراوی یەکێتی کاراتی هەولێر، یەکێتی ناوەندی کاراتی کوردستان خولێکی بۆ ٣٠ ناوبژیوانی کاراتی شارەکانی کوردستان ڕێکخستبوو، کە ماوەی خولەکە دوو ڕۆژی خایاند بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی ئاستی یاری کاراتی بوو لە شارەکانی کوردستان، خولەکەش لەلایەن وانە بێژان بارزان فەتاح و چالاك عەبدولستار و ڕزگارعەبدولکەریم وانەکان بە هەردوو شێوازی تیۆری و پراکتیکی دەگوترایەوە، ناوبژیوانانی بەشداربووش سوودێکی زۆریان لە خولەکە بینی و دستخۆشیان لە یەکێتی ناوبرا کرد، لە کۆتاییش خەڵات و بڕوانامەی دەرچوون بە بەشداربووان درا.

# دیارییەکانی پاڵەوانی خولی کوردستان لە ئەڵمانیا ئامادە دەکرێت



ماوەیەکە خولەکانی کوردستان تەواو بووە و یاریزانەکانی یانەکانی کوردستان کە لە هەر سێ ئاستەکان پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمیان بەدەست هێناوە لە چاوەڕوانی ئەوەن بۆئەوەی خەڵاتەکانیان پێ بدرێت، بەڵام وادەی دابەشکردنی خەڵاتەکانیش تاکوئێستا دیار نییە، لە بارەی دواکەوتنی خەڵاتی پاڵەوانەکانی کوردستانیش سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بە فایلی وەرزشی گوڵانی ڕاگەیاند و وتی «ئێمەش پێمان خۆشە کارەکان بە زوویی تەواو بێت بۆئەوەی هیچی تر یاریزانەکانیش لە چاوەڕوانی خەڵاتەکان نەبن، ئێستا ئەو جام و مەدالیانەی کە ئێمە دابەشی دەکەین، بە جوانترین شێواز دیزاین کراوە، باوەڕ ناکەم لە هەموو نیشتمانی عەرەبی شتی وایان کرد بێت بۆخولەکانیان، ئێمە شتەکانمان لە ئەڵمانیا دروستکردووە بۆیە تا ئێستا کاتی تەواو بوونی جام و مەدالیاکان دیار نییە، هەر کاتێکیش تەواو بوو ئێمەش دابەشی دەکەین لەسەر یانەکان و پیرۆزباییان لێ دەکەین، چونکە خولی کوردستان لای ئێمە زۆر پیرۆزە بۆیە خەڵاتی زۆر شایستەمان دروستکردووە، بە خۆشحاڵیەوە پێیان دەدەین، بەڵام تا نەگات ناتوانین کاتی دابەشکردنی خەڵاتەکان دیاری بکەین.

## ـــەرخان کرا

١٠ملیار دینارمان بۆپڕۆژە وەرزشییەکان تەرخان کرد، بۆئەوەی هەندێك یاریگە دروست بکرێت، ئەمساڵ بارودۆخەکە گۆڕاوە، دکتۆر سائیر پێشنیارێکی کرد بۆئەوەی کاری زیاتر بکرێت بۆ وەرزش و من پشتگیریم کرد لە دکتۆر سائیر هەروەها،١٠ملیار دینار ئامادە بکرێت بۆ پاڵەوانێتی ڤیفا کە لە کوردستان ئەنجام دەدرێت لە ساڵی ٢٠١٢و بۆ بوژانەوەی ژێرخانی وەرزشیش بۆئەو مەبەستەش ٥ یاریگە لە هەولێر دروست و نۆژەن بکرێت و لە سلێمانی چوار یاریگە لە دهۆکیش سێ یاریگە ئامادە بکرێت.

١٠ملیار دینارمان بۆئەو یانانەش ئامادە کردووە کە بەشداری خولەکانی ئاسیایان کردووە، لە ئاییندەش هەوڵ دەدەین بودجەی یانەکانی کوردستان زیاد بکەین، وتیشی ئەو پارەیە هیچ پێوەندی بە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانەوە نییە، ئەو ٢٠ملیارەش پشتگیرییەکە بۆ وەرزش و بۆ نۆژەنکردنەوەی یاریگەکان و بوژانەوەی ژێرخانی وەرزشیە.

## بووە پاڵەوانی بلیاردی یاریزانە دێرینەکان

سەعید توانی نازناوەکە بباتەوە دوای ئەوەی بە ئەنجامی (٢٥١-٢٢٢)خاڵ یارییەکەی بردەوە، لە کۆتاییشدا کە ژمارەیەکی زۆری وەرزشوانانی دێرین بەشداربوون، خەڵات و دیاری بەسەر تیپە سەرکەوتوەکان دابەشکرا.



## ناوبژیوانی کاراتی بەڕێوەچوو




پارک جی سۆنگ چاودێری ئەستێرە لیۆنێل میسی دەکات
کاتی یارییەکە هەوڵی ڕاگرتنی یاریزان وێین رونی دەدات
بەرشلۆنە لە لایەن یاریزان پیدرۆ رۆدریگز لە خولەکی ٢٧ تۆمارکرا
یاریزانانی یانەی بەرشلۆنە بە گۆڵی یاریزان پیدرۆ




لیۆنیل میسی لە کاتی تۆمارکردنی گۆڵی دووەمی بەرشلۆنە لە خولەکی ٥٠ دا

خۆشی بێ وینەی یاریزانانی مان یونایتد بە گۆڵی بەرامبەر

گۆڵی بەرامبەر بۆ یانەی شەیتانە سوورەکان لە لایەن رونییەوە لە خولەکی ٣٦ تۆمار کرا

فیکەی کۆتایی ناوبژیوان .. بەرشلۆنە پاڵەوانە و مان یونایتدیش جارێکی دیکە لە فینالّ دۆڕا




## میامی هیت و دالاس مافریکس گەیشتنە یاری کۆتایی خولی باسکەی ئەمریکا

هەردوو تیپـــی میامی هیت و دالاس مافریکس توانیـــان خۆیان بگەیننە یـــاری کۆتایی خولی باســـکەی ئەمریکا (NBA)، لـــە یاری پێش کۆتایی یانەی میامی هیت توانی لە یانەی شیکاغۆ بۆلز بباتەوە بە ئەنجامی (٤-١) یاری و یانەی دالاس مافریکـــس توانـــی لە یاری پێش کۆتایی لە یانەی ئۆکلاهۆما سیتی بباتەوە بە ئەنجامی (٤-١) یاری.

جێگەی باســـە یاری کۆتایی لـــە ٧ یاری پێك دێت و ئـــەو یانەی لە چوار یاری ســـەرکەوتن بە دەســـتبهێنێت دەبێتە پاڵەوانی خولی باسکەی ئەمریکا و ئەم دوو یانەیە لە ساڵی ٢٠٠٦ هەردوو یانـــە لە یاری کۆتایی رووبەڕووی یەکتر بوونەوە و یانـــەی میامـــی هیت توانی ســـەرکەوتن بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لە ریزی میامی هیت یاریزانی بە توانا شاکیل ئۆنێل یاری دەکرد.

## یۆڤنتۆس راهێنەرێکی تازە بۆ تیپەکەی دەستنیشان دەکات

دوای ئـــەوەی یانـــەی یۆڤانتس لە خولی ئیتاڵیـــا لـــەم وەرزە پلـــەی حەفتەمـــی بـــە دەســـتهێنا و نەیتوانی بەشـــداری لە پاڵەوانێتیەکانـــی خولی یانەکانی ئەوروپا و یۆروپا لیگ بکات، دەســـتەی کارگێڕی یانەی یۆڤنتوس بڕیـــاری دا راهێنەر دیل نێری لە ئەرکەکـــی دووربخاتەوە، یاریزانی پێشـــووی یانەی یۆڤنتـــوس و راهێنەری پێشووی یانەی سینا ئەنتۆنیۆ کۆنتی وەکو راهێنەری تازە دەستنیشان کرا.

جێگەی باســـە کۆنتی لـــە وەرزی رابردوو راهێنەری یانەی سینا بوو توانی ئەم یانەیە لە خولـــی پلە دووەکان بۆ خولی پلە یەکی ئیتاڵیا بخات



## ڤیتل بووە پاڵەوانی مۆناکۆ لە فۆرملا وان




شۆفێری ئەڵمانی سیبستیان فیتل پاڵەوانی جیهان و شۆفیری تیپی رید بـــول رینو توانـــی نازناوی پاڵەوانێتـــی مۆناکـــۆ بۆ فۆرملا وان بە دەســـتبهێنێت، ئـــەم پاڵەوانێتیە قۆناغی شەشەمی پاڵەوانێتی جیهانە لە فۆرملا وان.

دوای ئەوەی شەش قۆناغ لە پاڵەوانێتی جیهان بەڕێوەچوو، شۆفێری ئەڵمانی فیتل توانی پێنج پاڵەوانێتی بە دەستبهێنێت، کە دوایین پاڵەوانێتی مۆناکۆ بوو، کە لـــە مۆنتی کارلۆ بەڕێوەچوو و شۆفێری ئیســـپانی ئەلۆنسۆ شۆفێری یانەی فیراری پلەی دووەمی بە دەســـتهێنا و شـــۆفێری بەریتانـــی جۆنســـۆن پاتۆن شـــۆفێری ماکلارین مارســـیدس پلەی ســـێیەمی بە دەســـتهێنا، دوای تەواوبوونـــی پاڵەوانێتی مۆناکـــۆ ریزبەندی جیهانی بەمشێوەیە بوو.

١- ئەڵمانی سیبستیان فیتل (رید بول) ١٤٣خاڵ، ٢- بەریتانی لویس هامیلتۆن (مارســـیدس) ٨٥ خاڵ، ٣- ئوسترالی مارك ویبر (ریدل بول) ٧٩ خاڵ، ٤- بەریتانی جینســـۆن پاتۆن (رید بـــول)٧٦ خاڵ، ٥- ئیسپانی ئەلۆنسۆ (فیراری) ٦٩ خاڵ.

## سکۆلز وازی لە یاریکردن هێنا




یاریزانی یانەی مانچستەر یۆنایتد و هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بەفەرمی بڕیاری دا واز لە یاریکردن بهێنێت. ماڵپەری فەرمی یانەی مانچستەر یۆنایتد بەفەرمی ئەم هەواڵە بڵاوکردەوە، کە تیایدا پۆل سکۆلز باس لە وازهێنانی بە یەکجاری لە یاریکردن دەهێنێت و وتی: خەونم بە یاری تۆپی دەبینی و ئەو خەونەم لە یانەی مانچستەر یۆنایتد هاتە دی، زۆر سوپاسی هاوڕێیەکانم لە یانەی مانچستەر و راهێنەر سیر ئەلێکس فێرگسوون دەکەم، کە پاڵپشتم بوون.

لە درێژەی قسەکانیدا سکۆلز وتی: ئەم بڕیارەم بە پەلە نەداوە، بەڵکو زۆر بیرم لێکردووە ئینجا بڕیارم دا و دوای وازهێنانم لە یاری تۆپی پێی روو لە بواری راهێنەرایەتی دەکەم و هەر لە یانەی مانچستەر یۆنایتد بەردەوام دەبم.

جێگەی باسە پۆل سکۆلزی تەمەن ٣٦ ساڵ زیاتر لە ٦٥٠ یاری بە درێسی یانەی مانچستەر یۆنایتد کردووە و لە ساڵی نەوەدەکان لە ریزی ئەم یانەیە یاری کردووە و بە بەردەوامی لە ریزی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە یاری کردووە.

## یەک ملیۆن هاندەر داوای بلیتی راکردنی ١٠٠م دەکەن

دەستەی رێکخەری ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ ئاشکرایان کرد، کە زیاتر لە یەك ملیۆن هاندەر داوای کڕینی بلیتی راکردنی ١٠٠مەتریان کردووە لە ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە، چونکە لەم پێشبڕکێیە رکابەرێکی زۆر بەهێز دەبێت لە نێوان یاریزانە بەشداربووەکان.

جێگەی باسە یاریگەی ئۆڵۆمپی، کە تایبەت بۆ ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ دروستکراوە جێگەی ٨٠ هەزار هاندەر دەبێتەوە و نیوەی ئەم جێگەیە بۆ هاندەر داندراوە و نیوەکەی تر بۆ کۆمپانیاکان و رۆژنامەنووسان و کەسانی تر دابین کراوە.






## کۆنتادۆر بووە پاڵەوانی جیرۆ دی ئیتاڵیا

یاریزانی پایسکلسواری ئیسپانی ئەلبێرتۆ کۆنتادۆر توانی نازناوی پاڵەوانێتی پایسکلسواری ئیتاڵیا (جیرۆ دی ئیتاڵیا) بە دەستبهێنێت.

دوای ئەوەی یاریزانی ئیسپانی ئەلبێرتۆ کۆنتادۆر یاریزانی یانەی ساکسۆ بنك توانی کۆنترۆڵی ئەم پاڵەوانێتیە بکات، کە ماوەی سێ هەفتەی خایاند و ئەم پاڵەوانێتیە لە ٢١ قۆناغ پێکهاتووە.

یاریزانی ئیسپانی کۆنتادۆر پلەی یەکەمی بە دەستهێنا دوای ئەوەی بە جیاوازی ٦ خولەك و ١٠ چرکە لە پێش یاریزانی ئیتاڵی میشیلی سکاربۆنی هات، کە پلەی دووەمی بە دەستهێنا و بە جیاوازی شەش خولەك و ٥٦ چرکە لە پێش یاریزانی ئیتاڵی ڤێتشێنزۆ نیبالی هات، کە خاوەنی پلەی سێیەم بوو.

